# با کۆترە شینکەکان لە هەڵەبجە نەتارێن

حەمەڕەشید هەرەس _ کەنەدا

ئەو ڕۆژەی کە دەرگای سۆزی پەروەردگار،
کڵۆم درا!
ئەو ڕۆژەی کە بینایی گشت پێغەمبەران،
شێلوو کرا
ئەو ڕۆژەی کە گەرووی هانا نووزەی بڕا،
ئەو ڕۆژەی کەلای کەڵەندەر، شوورەییە تۆماریکات،
ئەوە ڕۆژی (16) ی مارچە!
ڕۆژی حەشری کوردستانی پارچە پارچە.
ئەو ڕۆژەبوو، کە ژێرنیکا، هیرۆشیماو ناکازاکی،
بۆ هەڵەبجەی جەرگ زووخاڵ، سوێی برینیان هاتەوە کوڵ،
سەرو گوڵی ڕەشی تریان، دایەوە لەسەر یەخەی دڵ.

*************

ئەو ڕۆژە بوو، چراكانی دادگای خودا
هەڵەبجەیان تاریك كرد و هەوری ڕەشیان دابەسەردا
فریشتەكان..... كوێروكەڕ بوون،
كڕنووشیان بۆشەیتان برد و بەرەوپیری،شوورەیی چوون.
خواو فریشتە باریان لێكنا و گواستیانەوە،
هەر ئەوكاتە، هەڵەبجەخۆی،
بە بێكەسی، بە پێنجهەزار فریشتەوە، بۆ پایتەختی ئاسمان ئەڕۆی.
هەر ئەو كاتە،
ئەو شارە بێدەسەڵاتە،
لە ناو هەوری كیمیاییدا،
لە گەواڵەی، هەورو گازی سیانیدا،
بروسكەیدا، گیانی دەرچووی،
كتوپڕو وا زووبەزووی،
بێتاوانی ناو گۆڕەپان،
گۆڕەپانی گاڵتەوگەمە و زرمەزلێ و دەستبازیی ناو شەیتانەكان.
بروسكەیدا، چەخماخەیكرد ، گیانی دەرچووی،
بێ ناسنامە و بێ ناونیشان.

***************

( عومەر خاوەر ) خەڵكی كوێیە،
لەكام وولات! نیشتە جێیە،
كۆرپەكەی والەباوەشی،
بۆ هەڵنایەت، چاوی گەشی.

دیدار ، شوان ، ڕەنگین ، شنۆ ،
سیامەند و خەندە و چرۆ ،
بۆ بێدەنگن؟ بۆ ناکەونەوە گفتوگۆ؟
کشوماتن! بۆ ناکەونەوەهاتوچۆ؟
ئەو سێ کچەی لە بەهاری تەمەنیانان، دەڵێی خەوتوون!
وەك پەپوولەی بە باشەکەت، سڕو ماندوون!
لەولاشەوە، چوار شاژنی بێنازکەوتوو،
یەکیان کۆرپەی لەسەرسنگبوو،
دوانیان تۆزێ بەتەمەنتر، ئەویتر هەر کتومت لە دایکم
ئەچوو.
هۆ دایە گیان...... گەر دایکیشم نەبی، ئەوا هەر دایکمی...
نەك بابەتی ئەم باسەمی،
خوێنەکەم و هەناسەمی.
ئەی تۆ..؟ ئەی تۆ خوشکەلێ گیان؟ خۆزگە نەختێ بە
خێرایی
خۆتت دەرباز بکردایە ..
ئا بەم شێوە جەرگبڕە، نەمدیتایە.
خەپانەکەی وا لەکۆڵت پەکی خستی؟
کەسی مامەی، بە نوستوییش هەر ژیکەڵەی، خۆشەویستی.
خۆت و خەپانەکەی کۆڵت، تابلۆیەکن..
بە پێشانگای بەهەشتەوە هەڵواسراون..
هونەرمەندێك ڕەنگی ڕشتوون، ڕەنگی نییە، دەنگی نییە،
لەکەس نییە و کەس لێی نییە،
تابلۆیەکی بێهاوتایە،
چونکە تابلۆی دەستی خوایە!!

***********

جا منێکی وا لەش بە بار،
چۆن پێم ئەکرێ؟
چۆن دەستکەمە چنگە کڕێ؟
چۆن ئەگەمە دوا کڕنووشم، بۆ پینجەزار؟
چەند تابلۆی خوا، هەڵدەمەوە؟
چەندیان بەسەربکەمەوە؟
گوێ لە خەمی چەندیان بگرم؟
خۆڵ و گڵی کوێ بەشئەکات، بیکەم بە قوڕ،
بۆ سەری کورد، بیگرمەوە؟

************

ئەڵێن کەوا چەند چەکدارێك، چەکداری کورد،
گوێچکەتانیان، بۆ گوارەیەك هەڵئەقڵیشان!
بۆ ملوانکە، گەردنتانیان پێوە ڕوشان!
بۆ موستیلە، پەنجەتانیان بڕی و قرتان!
موچوڕکە دێت بە جەستەما،
باوەڕم بەخۆیشم نەما!!!!!
نامەرد نەکەن ... نامەرد نەکەن،
بڵقەکانیان، پێست و گۆشتی داماڵراو , ئازار نەدەن،
نامەرد نەکەن،
ئەوا هەرچی کورد پەروەرە، هانا بۆ کفندز دەبەن.
چۆنتان باسکەم؟ خۆزگە ئەمە درۆ ئەبوو،
قەیناکات با من ڕوورەشبم!

لەو شۆڕشە و لەو خەباتەی ئێوە ئەیکەن، بابێبەشبم،
بەڵام هەرچەند سەر ئەبەم و سەر ئەهێنم...
هەر ئێوەن پەی بەمە دەبەن، کە ئەمڕۆتان وا ئەبینم
ئینجا باشتر باوەڕ دەکەم،
لای بێگانە ئینجا زیاتر سەری شۆڕم ئەچەمێنم.

******* ******* *******

هۆ هەڵەبجە.....
هۆ نەتەوەی هەڵەبجەکان.....
دەنگم نرکەی گشت بەگشتی،
شەهیانی ئەم کوردەیە،
دەنگم گوللەی بەرەو سنگی، دوژمنانی پشتاوپشتی،
ئەم کوردەیە،
دەنگم نرکەی شەهیدانی، سەرانسەری کوردستانە،
چونکە دەنگم وەکو دەنگی هەموویانە.
پەروەردەی ناو سەنگەرێکم،
ڕێی وون ناکەم، گەر چاویشم ببەستنەوە،
هەردوو گوێشم، کەڕوکاسکەن ،
وەك باوەشی گەرمی دایکم، بۆنی راستی لێوە دێت و
من بەو بۆنە دەیدۆزمەوە.

1990